سەرۆکی حکیم یادەوری بەئامانجگرتنی هەڵبجە زیندوو دەکاتەوە و دەڵێت پێوستە وەک جارانمان بکرێتە پارێزگا



بەبۆنەی 37 ساڵەی بەئامانجکردنی شاری هەڵبجە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی نەودەوڵەتی، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتیی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی گوتی " هەڵبجەی شەهید هەمیشە بریندێکیی ستم لێکراوانەیە لە ناخی دڵی عێراقییەکان و جیهاندا، هەمیشە نیشانەیەکی ژان و دوژمندارییە بۆ دڕندەکانی ئەو شارە غەدر لێکراوە دەمێنێتەوە.
لەم ڕووەوە لە بەیانێك بە بۆنەیە بەڕێز حەکیم گوتی هەڵبجە تەنها ڕووداوێکیی مێژوویی نەبوو بەڵکو ئەو هەمای گرنگی عێراقییەکانە، لەبەر ئەوەیبەبیر هەموان دەهێنێتەوە چ تاوانێکی قێزەون بەرامبەر ئەو خەڵکە کراوە، ئەوە یەکێك بوو لە ناشرینترین تازانەکانی جەنگ لە سەردەمی ئیستادا، سەرۆکایەتی گوتیشی یادی هەڵبجە وەك نەخشەك لە ویژدانی هەموومان دەمێنیتەوە، پێویستبیرمان بێردەوام لەسەر کارەساتی عێراق بێت.

سەرۆکایەتی گوتیشی، لەم یادە پڕ ژانە ڕاست ترین پرسی خەم ئاراستەی ڕۆحی شەهیدان دەکەم و داوا دەکەم ڕەحمەت بە هەموو ئەوانە بچێت کە بوونە قوربانی ئەو تاوان قێزەونە، هەروەها هییوایی چاکبوونەوە و ئارامی بە هەموو ئەوانە خواست کە لەم تاوانە ڕزگاریان بووە.

سەرۆکایەتی حکیم دووپاتی کردەوە کە باشترین ڕێزلێنان بە ئەوان ئەوەیە کە هەڵبجە وەك پارێزگایەکی عێراقی تازە دانی پێ دابنرێت، بە ئەوەی دادپەروەری بە ڕەکانی ئەم شارە بدرێت و هەڵی کاریان بۆ بڕەخسێت و توانای ئابووریان باش بکرێت جگە لە زامن کردنی نوێنرایەتی سیاسی فراوانتر لە بڕیاری عێراقی ئەوەش وادەکات دەخی شارەکە باشتر بێت.
گوتیشی ئەکتیفکردنی ئەو بڕیارە کۆنەی هەڵبجە لە پێشکەوتن و بنیاتنان لەعێراق دەگەڕێت ئەو ڕێز لێنانەش هەنگاوێکە بە ئەوەی دادپەروەری بەقوربانیان بدرێت و ئاستی بژێوی خەڵکەکەی باشتر بکرێت لەبەر ئەوەی ئەم شارە یادەوڕییەکی مەزنی لە دڵی هەموو عێراقییەك هەیە.

لەکۆتاییدا سەرۆکایەتی حکیم داوایی لە هەموو عێراقییەکان کرد یەك ڕێز بوەستن و هاوپەیمانێتی لەگەڵ خەڵکە هەڵبجە بکەن و ڕێزی شەهیدان و قوربانییەکانیان بگرن.